# لەوەڵام بەهاوڕێ مستەفا سابیردا، بەڵام بە دەنگێکی ئارام

**عبدالله مەحمود**
abdulla_m64@hotmail.com

**3ی سیبتەمبەر هاورێ مستەفا سابیر لە وەڵام بە هوشداریەکی هاوری ئەمجەد غفوردا،کە ئاراستەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی کردوە،وەڵامێکی نووسیوە لە ژێر ناوی"جارێکی تر بەدەنگی بەرز!"، کە پوختەی نووسینەکەی ئەمەیە و دەڵیت(ئێوە لە رابەری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بانگەوازی خەڵکی ئیران و"ئەندامان وکادرانی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری ئیران" ئەکەن کە بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری- حیکمەتیست پەیوەست بن،و کەوتونەتە بەرگری و پشتیوانی لێیان کە بەهۆی ملنەدانیان بە دەنگی زوربە"رەئی ئەکسەریەت"و هەڵوێستی راسترەوانەیانەوە لە حزب جیابونەتەوەو حزبێکی تریان پێکهیناوە)پاشان دەڵێت (بەم هەڵوێستەتان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقتان خستۆتە بەردەم مخاتەرەوەو حزبتان لەبەردەم وەرچەرخان بەرەو راست راگرتووە،ئەم هەڵوێستگیریەشتان بەشێوەیەك بووە کە فرسەتان بە ئەندامان و کادرانی حزب نەداوە لە مەجرای باسەکان ئاگاداربن وبەشداری باسەکان بکەن،بۆیە جارێکی تر بەدەنگی بەرز بانگەوازی ئەندامان وکادرانی حزبی عێراق ئەکات لەدژی ڕابەری بوەستن تا رابەری حزبی عیراق ناچار بکەن لەوهەڵوێستە غەیرە ئصولی و ئینحلال تەڵەبانەیە کە بەناوی حزبەوە ڕاگەیەنراوە،پاشەکشە بکەن،ئەگەر نا دەبێ باجی ئەو هەڵوێستەتان بدەن....) و لەکۆتایشدا دەڵێت هەوڵی من بۆبەرگری نیە هەر لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران،بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەرگری لە حزبی عیراق و بەرگری یە لە کۆمۆنیزمی کریکاری.**

**لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەڵوێستمان و پشتیوانیمان لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حیکمەتیست،سەیرترین شت ئەوە بوو کەئێمە ڕوبەروی ئەم جۆرە وەڵامانە و لەوەش واوەتر ڕوبەروی ئیتهامی وەك وەرچەرخانمان بەرەو راست!! نەبینەوە.ئاخر لەدەزگای فکری چەپی حاشیەییدا هەرکەسێك مل بەهەڵوێستی "یەك پایەیی فرقە"نەداتەوە مرتەدە.ئێمەش بەو هەڵوێستەمان بوینەتە مرتەد"بێئەوەی ئیدعای لایەنگرانی**

**حەجەریانی عیراق لە حزبدا دەرکەوتبێت.یان پرۆسەی یەکلاکردنەوەی دەسەڵات بە ریفراندوم دەستی پێکردبێت و ئیمەش داهینەر یان تەئیدمان کردبیت. ئەمە چ عاجباتیەکە؟ئەم میتۆدە کویٚ ی ئەچێتەوە سەر میتۆدی مارکسیستی و بەرخوردی حزبێکی سیاسی جدی؟ بەهەر حالٚ بابەکورتی و بەدەنگێکی ئارام وەڵام بە نوسینەکەی هاوری مستەفا بدەمەوە.**

**دەڵیٚ ئێوە بانگەوازی خەڵکی ئێران ئەکەن بە حزبێکی ترەوە پەیوەست بن،ئەمەش ئینحلالی حزبە،و پشتیوانی لە جیابوەوەکان ئەکەن کە راسترەوبوون و ملیان بە رەئی زوربە نەدا.**

**هاوریٚ ی خۆشەویست مستەفا،ڕاست ئەکەیت ئێمە بانگەوازی خەڵکی ئێرانمان کردووە کە بە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری-حکمەتیست پەیوەست بن.ئێستاش هەر ئەمە بانگەوازمانە،دەلیلەکەیشی سادەیە،ئێمە ئەوان بەڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناوحزب پێشووئەزانین،ئەگەر بە هەزارەهاو ملێونەها لەخەڵکی ئێران بەو حزبەوە پەیوەست بن بەیانی خەمی ئەوەیان نابێت،لەسەر دەربرینی بۆچونی جیاواز هەرماوە نا ماوەیەك ژمارەیەکیان ناچاربکرین جیاببننەوەو ببنە قوربانی حزبی یەکپایەیی و ئۆتۆریتەی سیاسی و تیوری و فکری یەك"رابەر".**

**ئازیزم ئێوە کە تەحەمولی بۆچونی جیاوازی هاورێیانێك کە شادەماری کۆمۆنیزمی منصورحکمەت بوون و حزب لە سەردەستی تیکۆشانی ئەوان ئەم هەموو هەورازونشیوەی بریبوو،نەکەن،چۆن ئەتوانن بەیانی تەحەمولی ئەو رابەرە کرێکاریە بکەن کە گیرۆدەی باسی ریفراندۆم و ئیکۆنۆمیزمە؟چۆن تەحەمولی ژنانێك دەکەن کە فیمینیزم چۆتە شادەماریانەوە؟چۆن جێگا بۆ لاوانێك دەهێڵنەوە بەهەردەلیٚلیٚك بێت رەخنەیەیان لەچەند بەندێکی بەرنامە هەیە؟"ئەوە ئەگەر بەوبەرنامەیە وەفادار بمێنەوە"کە هیوادارم بمێنەوە.**

**بەودەلیلە زۆرسادانە بانگەوازی خەڵکی ئێران ئەکەین بە حزبی حکمەتیست پەیوەست بن،من پێم وایە بەو لۆژیکەی ئێستا ئێوەی پێوەی گیرۆدەن،ئەم بانگەوازەی ئێمە لە قازانجی ئێوەشەو لەسەریەشەی سبەینی دورتان ئەخاتەوە.**

**تائەو جێگایەی بەکادران و ئەندامانی خۆشتان دەگەرێتەوە،ئەگەر لەمن بپرسن چی بکەین،پێیان ئەڵێم رابەری بەئاگابێنەوە لە دورکەوتنەوەیان لە میتۆد وەلە ئصول و**

مەوازینی کۆمۆنیزمی منصورحکمەت، ئەگەر نا ئەوانیش ئینتخابێك لە پێشیانە،یان ئەوەیە پاش ماوەیەکی تر وەجبە وەجبە لەسەر بوونی بۆچونی جیاوازو بەیانکردنی ئیتهام بە راست و سوسیالیزمی بورژوایی و پۆپۆلیزمی ...لەناوچەوانیان ئەدریت وناچار بەڕوشتن دەکرێن،یان دەبێ بن بە ئەکتەری شانۆیەك کە کەس نابێ لە نمایشکردندا لەدەق لابدات.

تائەو جێگایەی باسی ئەوە دەدەن بەگوی ێ ریزەکانتان و کۆمەڵگادا،کە هاورییانی حزبی حکمەتیست ملیان بەرەئی ئەکسەریەت نەداوەو بەهەڵوێستی ڕاسترەوانەوە جیابونەتەوە،جگە لە خۆڵکردنە چاوی ڕیزەکانتان و کۆمەڵگا شتێکی تر نیە،ئەمە بەجیا لەوەی ریوایەتێکی دروستکراوی نەزانانەیە.با ئەمە رۆشن بکەمەوە.

تائەو جێگایەی باسی مل نەدانە بە رەئی ئەکسەریەت،من هیچ ناڵێم مستەفای ئازیز تۆ بڵێ،بەویژدانت 24بە 22 کامیان زوربەیە؟دنیا سەیرە ژمارەوپێوان گوماناوی دەکەن!!.

ئازیزم ئەگەر بریار بوایە بەرێگەی ئەکسەریەت و ئەقەلیەت کێشەی ناوحزب چارە بکرایە،رەئی گیری کرابایە مەبنا،هیچ لەوە ڕۆشنتر نەبوو 24کەس کە زوربایەتی کۆمیتە مەرکەزیە لە 46 کەس،دەیتوانی لیدەریش کەنار بخات و دەفتەر سیاسی تازەش هەڵبژێرێت و تەرەف 24 کەسە بیباتەوە، و بریارو بریارنامەش پەسەند بکات و ....تاد.بۆیە فریا بکەوە ئەم پەرەگرافە لە ووتارەکەت بسرەوە،بالانی کەم کەسیك کە ئەم ووتارەی تۆ ئەخوینیتەوە حەوسەلەی تەواوکردنی ببێت .

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە دەڵێیت ئەو هاورێیانە جیابونەتەوە وحزبی تازەیان پێکهێناوە. ئەوە بزانە ئەمە دوولایەنەیەو هەر لایەنیك نیە جیابوبیتەوە،ڕاستە هاوڕێیانێکی زۆر حزبیان بەجێهیشت بەو دەلیلەی هەموو رێگاکان بۆهێشتنەوەی حزب و بەرگرتن بە لێکترازان لە لایەن ئێوەوە داخرا،و ناچار جیابونەوەکران.بەڵام ئەم راستیەت بیر نەچێت کە ئێوە لە میتۆدو رەوتی سیاسی و هێلی کۆمۆنیزمی کریکاری جیابونەوە،و لەقەوارەی پیشتری حزبدا دریژە بەو جیابونەوەیە دەدەن،من لەوبارەیەوە بیئەندازە متەئەسیفم.

باس ئەوەی ئەو هاورییانەی جیابونەتەوە بەرەوراست وەرچەرخاون،ئەمە لەوانەیە گەورەترین ریوایەتی لینگەوقوچکراوی مێژووی کۆمۆنیزمی هاوچەرخ بێت.چ قەوماوە هاورێیانێك لەوەش واوەتر خاوەنی ئەسڵی تێزە راستەکە(کورشی مدەریسی)!! پاش

**ئەوەی تێزو باسە بەناوراستەکانی تەرح کردووە ئەبێت بە لیدەری حزب و پاشان چ قەوماوە هەمان خاوەنی تێزی راست ئەبێت بەرەئیسی مەکتەبی سیاسی؟ئەگەر لەوانەش بگوزەرێین چۆنە هاوری حمید تەقوایی لەدواین پلنومی دوای کۆنگرەی چواردا دەڵێت باسی چەپ و راست لە حزبدا بی بنەمایەو پوچە؟**

**هاوری مستەفا بانگەوازی ئێمە ڕووبەخەڵکی ئیران و پشتیوانی لە حزبی حیکمەتیست،بە هەوڵێکی ئینحلال تەڵەبانەی ڕوو بە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئەزانێت،لەکاتێکدا دوو پەیکەری حزبی پێشو ئێستا لەبەردەم کۆمەڵگان و ئەوەش رەوتی ئەم دووشەقەبوونەی کردەحەتمی و زیانێکی گەورەی لە بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دا لە ئەبعادیکی سیاسی و کۆمەلآیەتی فراواندا، شێوازوڕەوشتێکی نامۆبوو بە شێوازو نەریتی کۆمۆنیزمی کریکاری لە پەیوەند بەناکۆکی سیاسی کە بەر لەهەموو کەس هاوری حەمید تەقوایی گرتیەبەر.کەچی تازە بەتازە هاوری مستەفا دەیەوێ هەڵویستی مەسئولانەو دروستی ئێمە سەبارەت بە چارەسەری کێشەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران و پاشان هەڵوێستی دروست و مەسئولانەمان بەرامبەر بە حزبی حیکمەتیست بە ئینحلال تەڵەبانە لەقەلەم بدات. کوا ئینسافی سیاسی،کوا ئینسافی ئینسانی؟**

**هاوریٚ مستەفا ئەمجارە بە "صدای بلند"بانگەوازی ئەندامان و کادرانی ئێمە ئەکاتەوە کە لەدژی رابەری نارەزایەتی دەربڕن و شۆرش و راپەرین بکەن، ئەمەشی بۆ بەرگریە لە حزبی خۆیان و حزبی ئێمەو بەرگریە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری!!.دەك مۆفەق بیت هاوری مستەفا بۆ ئەو هەموو دڵسۆزیەت!! نازانم هاوری مستەفا بۆ بەرگری لەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران بۆ ئەو دڵسۆزیەی نەنواند، بۆ لەبەرامبەر لەباربردنی هەوڵێکی خۆت و رەحمان حسین زادەدا،بانگەوازی راپەرین و نارەزایەتی دەربرینت ئاراستەی کادران و ئەندامانی هەردوو حزب نەکرد کە دەیتوانی کۆمەکێك بەمانەوەی حزب بکات، بۆ لەبەرامبەر نامەی 22 نەفەرەو نامەی لیدەرو رەئیسی دەفتەری سیاسی و هەڵویستی مەکتەب سیاسی و رابەری حزبی ئێمەدا کەهەموویان هەوڵی جدی بوون بۆ بەرگری لە ئینحلالی حزب بانگەوازی کادران و ئەندامانی هەردوو حزبی نەکرد کە راپەرن و نەهێلن حزب دووشەقە بێت؟؟کەچی ئێستا فوارەی دڵسۆزی بۆ حزبی ئێمە و کۆمۆنیزمی کرێکاری بەر پێناگیرێ.لەوەش واوەتر مستەفا ئەڵێت**

رابەری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق بێگوێدانە رەئی ئەندامان وکادران و بێئەوەی لە باسەکان ئاگاداریان بکات ئەم هەڵوێستە حەساسەی بەناوی حزبەوە گرتووە...

بالەوەوە دەست پێبکەم،کەمستەفا دەڵێت حزبی عێراق کادران و ئەندامانی بەشدار نەکردووەلە باسەکاندا،ئەمە شێواندنێکی تری نەزانانەیە،ئاخر هەموو کەس و لەوانەش مستەفا ئەزانێت کە نەك کادران و ئەندامانی حزب بەڵکو ئێمە وەکو رابەری حزبیش سەرباری پێداگریمان لەسەر ئاگاداربوون لە باسە سیاسیەکاندا درەنگ ئاگادارکراین ورێگەگیرا لەوەی ئەوباسانە بدەن بە حزبی ئێمە، لەوەش واوەتر هاوریٚ حمید تەقوایی لە وەڵامی نامەیەکی هاوری ریبوار ئەحمەدا ئەڵێت(باحزبی عێراق دابنیشێت تا ئەوکێشانە یەکلائەبنەوە ئەوکاتە قسە بکات).ئێستا پرسیار ئەکەم. بەڕاستی ئێمە کادران و ئەندامانی خۆمان بەشدانەکردوە لە باسەکان،یان ئێوە رابەری ئیمەشتان درەنگ ئاگادارکرد؟ پاشانیش بەشداری چی؟ئەوە نیە هاوری حمید ئەڵی پەلەمەکەن تا کێشەکان یەکلایی دەبێتەوە ئەوکات قسە بکەن.ئەمە حەقیقەتەکەیە مستەفا گیان،ئەم بانیکەو دووهەوایە چی یە؟

جیا لەوە ئەمە ئەلف و بێی سیاسەتە کە کۆمیتە مەرکەزی هەڵبژێردراوی کۆنگرەیە،و لەنێوان دووکۆنگرەدا سەلاحیەتی تەواوی هەیە، و مەکتەب سیاسیش هەڵبژێردراوی کۆمیتە مەرکەزیە وتا پلنۆمی تر خاوەنی سەلاحیەتە، و بەوهۆیەوە حەقی هەیە هەڵوێست بگرێت،بەیان و بریارو بریارنامە دەربکات،هەر ئەندام و کادرێکێش حەقی بێئەملاولای خۆیەتی رەخنە بگرێت و بیروباوەری جیاوازی خۆی بەیان بکات وتەنانەت ئەرکی حزبە کەناڵی مناسب و گونجاو بۆ ئاگاداربوونی کادران لەوباس و رەخنەو بیروبۆچونە جیاوازانە لە ناوخۆی حزبدا فەراهەم بکات،ئەمە سونەتێکی جێکەوتووی ناو حزبێکی سیاسی و حزبی ئێمەیە،ئێمە لەو بارەیەوە کێشەمان نی یە، هاوری مستەفاو هەرکەسێکی تریش حەقی خۆیەتی رەخنەی سیاسی لە سیاسەت و هەڵوێست و بریارو تاکتیك و....حزب بگرێت،بەڵام من پرسیار ئەکەم لە مستەفاو لەو هاورێیانەی حزبی خۆشمان کە ئێستا ناڕازین بە هەڵوێستی حزب،کەی وابووە حزب بۆ هەڵوێستەکانی بۆ بریارو بریارنامەکانی بگەرێتەوە بۆ رەئی ئەندامانی تابزانی موافقن یان مخالیفن؟کەی حزبێکی سیاسی لەو بابەتە هەبووەو هەیە؟ئێمە لە تەمەنی حزبی

**کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا جگە لەو بریارو بریارنامانە و هەڵوێستانەی لە کۆنگرەدا پەسەندکراون،دەیان هەڵوێست و بریارنامەو بڕیاری گرنگمان دەرکردووە کەی حزب گەڕاوەتەوە بۆ وەرگرتنی رەئی کادرو ئەندامانی،هەر لەساڵی رابردووەو کە عێراق بۆتە مەیدانی گەورەترێن ئالوگۆری سیاسی و تەنانەت حکومەتی، وە دەولەت و حکومەتێك رۆشتوەو دەوڵەت و حکومەتێکی ترقوتکراوەتەوە،حزب سیاسەت و هەڵوێستگیری و پلاتفۆرمی گرنگی بووە،کەی بۆئەمانە گەراوەتەوە بۆ رەئی ئەندامان و کادرانی و کەیش حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران نیگەرانی ئەوە بووە کە ئەندامان و کادران پرسیان پێنەکراوە،چ قەوماوە ئێستا ئەم لوتف و مەرحەمەتە رژاوە بەسەر ئەندامان وکادرانی حزبی ئێمەدا کەدەبێ بۆ هەڵوێستگیری لەسەر دووشەقە بوونی حزب و هەڵوێستگیری لەبارەی لایەنەکانیەوە کادرو ئەندامان راپرسیان پێبکرێت و "ریفراندۆم" پیادەبکرێت؟.**

**وە چ قەوماوە ئەمجارە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران بانگەوازی ریزەکانی حزبی ئێمە ئەکات لەدژی رابەری بێنە مەیدان؟ئەم پرانسیبی کۆمۆنیزمی کریکاریە کە ریفراندۆم بۆ قبولکردنی هەڵوێست و بریاری حزب بکات؟باشە ئەگەر رابەری حزب بۆ هەر بریارو هەڵوێستگیریەك ریفراندۆم بکات و بگەرێتەوە بۆ رەئی ریکخستنەکانی،کاری رابەری چی یە؟کاری سلسلە مەراتیبی حزبی چی یە؟ ئەگەر لەوانەش بگوزەریین،دەبێ بۆ پەسەندکردنی بریارێك لە رێگای ریفراندۆمەوە چەند کات پێویست بێت تاحزب بریارێك بدات؟ ئازیزم مستەفا سابیر ئەمە ئیتر حزب نیە ئەمە شورایە.شۆرشی ئۆکتۆبەر بە ریفراندۆم لە ریزەکانی حزبی بۆلشەویکدا بریاری لەسەر نەدرا،کە لەروداوی دووشەقە بوونی حزب زورگەورەتر بوو ،ئەگەر بریار بوایە بگەرێنەوە بۆ رەئی کادرو ئەندامان بۆ بریاردان لەسەر شۆرش دڵنیابە شۆرش ئەبوو بە قوربانی ریفراندرم و ئەو لۆژیکەی نادروستەی ئێستای ئێوە.**

**بەهەرحال لەکۆتاییدا،ئەوە ماوە بڵێم،ئەگەر رەخنەی سیاسیتان هەیە لە سیاسەت،هەڵوێست،بریارو بریارنامە،پلاتفۆرم....ی حزبی ئێمە قسەکانتان بکەن،بەڵام واز لە کادرو ئەندامانی ناوحزبی ئێمە بێنن و بانگەوازیان مەکەن بۆ شۆرش و راپەرین لەدژی رابەری و حزب،وە بۆوەستانەوە بەرووی ئسول و مەوازینەکانی کۆمۆنیزمی کریکاریدا.**

9-9